# نامەیەکی ڕۆشنبیرانە بۆ برای خۆشەویستم کاك ( فەلەك الدین کاکەیی ) هاوڕێیکی خۆت

برای خۆشەویست کاکە فەلەك سەرەتا سڵاو و ڕێزم هەیە بۆت هەواڵی تەندروستیت پرسیار ئەکەم برا گیان دوای سەردانەکەی دوایین جارم بۆ لای بەڕێزتان بەڕاستی بە بینینت زۆر دڵشاد بووم بەڵام ئەوەی ناشادی کردم ئەوە بوو کە پێش ئەوەی من بێمە لای بەڕێزتان پرسیاری تۆم کرد لەگەڵ چۆنێتی بەڕێوەبردنی وەزارەتی ڕۆشنبیری لە زەمانی تۆ لە هەندێك برادەرانی خۆم لەو وەزارەتەی کە ئێستا تۆی خۆشەویست بەڕیوەی دەبێت و لە وەڵامدا هەموو ئەو برادەرانە پرسیارەکانیان بەم شێوەیە وەڵامم دایەوە و گوتیان بەڕاستی کاك فەلەك ئەو پیاوە ماندووە هیچ کات درێخی نەکردووە لە خزمەت کردن بەڵام ئێستا و لەم وەزارەتە کارەکان بە باشی بەڕێوە نابات چوونکە هەموو ئیش و کارەکانی ئەو وەزارەتەی بە یەکێك سپاردووە بە ناوی عەزیز حەریری کە گوایە ئەو کەسە پێشمەرگە و هاوسەنگەر بووە لەگەڵ تۆ لە زەمانی شاخ بەڵام من زۆرم پێ سەیر بوو کە گوتیان ئەو عەزیز ناوە پێشمەرگە بووە چوونکە من لە هەموو کەس زیاتر دەزانم لە زەمانی شاخ عەزیز حەریری ناو هاوڕێ تۆ نەبووە بۆیە پێم گوتن نا برادەران ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕاست نیە من فەلەك ئەناسم و ئەزانم ئەو کارەکانی خۆی خۆی بەڕێوەی ئەبات ئەو هیچ کات بۆ بەڕێوەبردنی هیچ ئیشێك پەنا بۆ خەڵکانی وەك عەزیز ناو نابات تا ئیشەکانی بۆ ڕا پەڕێنێت چوونکە فەلەك یەکەم جاری نیە کە پۆستی وەزارەتێك وەربگرێت و هەروەها ئەو وەکوو قیادەیەك حیسابە و هیچ کات قیادەش کارەکانی خۆی ناداتە دەست کەسێك ئەگەر زۆر باشی نەناسێت ، برای خۆشەویستم دوای ئەم قسانە ئەو برادەرانە هەندێك شتیان دەربارەی ئەو عەزیز حەریریە ناوە بۆم باس کرد کە گوایە ئەو زۆر بێ باکانە کاری نا بەجێ ئەکات بە ناوی تۆوە و زۆر کار لە خەڵکی تێك ئەدات و ئەڵی فەلەك پێی گووتوم ، یانیش هەندێك جار قسە بە ناوی تۆوە ئەکات و حیساباتی پارە و پولی ئەو وەزارەتە بە کەیفی خۆی سەرف دەکات کێ ئەو پێی باش بێت پارەی بۆ سەرف دەکات و کێش ئەو پێی باش نەبێت بۆی سەرف ناکرێت یان نابی تۆش بێ فەرمانی ئەو هێچ کارێك بکەیت و شتێکی سەیریان بۆم باس کرد ئەویش ئەوە بوو کە گوتیان گوایە ئەو عەزیز حەریریە نووسراوێکی ڕەسمی بە ناوی تۆوە دەرکردووە بۆ هەموو بەشێك لە وەزارەتەکەت کە ئەبێ هەموو نووسراوێکی ئەو وەزارەتە ناوی ئەو عەزیز حەریریەی لەسەر بێت و نابێت هێچ نووسراوێك بێ بینینی ئەو لەو وەزارەتە دەربچێت منیش زۆرم لا سەیر بوو کە ئەم جۆرە قسانەم بیست گوتم ئەبێت فەلەك پیر بوو بێت و ڕیشی خۆی دابێتە دەست ئەو عەزیز ناوەی کە هەر کەسێك باسی ئەکرد بە کەسێکی خەراپ و ناکەس بەچە و ڕوح گەورە و دز و جەردە وەسفی ئەکرد بۆیە منیش لێرەوە وەکوو هاوڕێیکی تۆ زۆر دڵ تەنگ بووم و خۆم پێ نەگیرا و گووتم ئەبێت ئەم هەواڵە بۆ هاوڕێ و برای خۆم فەلەك باس بکەم کە ها تمە خزمەتیشت دەرفەت نەبوو بۆتی باس بکەم و ماوە ماوەش دەبینم کە لە سایتە کوردیەکانی ئەنتەرنێت باسی تۆ بە خەرا پە ئەکەن و ئەبینم نارەزاییکی زۆر هەیە لەوەی کە وەزارەتی ڕۆشنبیری بە دەست چەند کەسێکەوە تێك چوونە و بۆیەش منیش هەر لە ئەنتەرنێت ئەم نامەیەت بۆ ئەنێرم بۆ ئەوەی خەڵکی بزانن کە تۆ خۆت تواناى بەڕێوەبردنی ئەو وەزارەتەت هەیە و تۆش بێ ئاگاییت لە زۆر شت کە لە وەزارەتەکەت ڕوو ئەدات .

لە کۆتایی هیوادارم بە ئاگای خۆت بێتەوە و کاری خۆت نەدەیتە دەست کەسێك کە فەرشەکە لە ژێر پێت دەربێنیت و ببێتە مایەی لە دەست چوونی پۆستێ ئەو وەزارەتە و بێ بەش بوونت لە زۆر کاری تریش .

This document was created by Print2PDF
http://www.software602.com